# شیعە هێزێكی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**مەهدی خەلجی***

**و. نیاز محەمەد**

**هەستانەوەی شیعە** كەلەنووسینی وەلی نەسرە یەكێك بوو لە پڕفرۆشترین كتێبەكانی ساڵی ڕابردوو لەبارەی بەهێزبوونی شیعەكانەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. قسەی سەرەكی وەلی نەسر لەكتێبی **هەستانەوەی شیعەدا** ئەوەیە كەگۆڕانكارییەكانی ئەم دواییانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دەركەوتنی هێزێكی تازە كۆتایی هاتووە كە هاوكێشەكانی پێشووی لەناوچەكەدا سەرەوژێر كردووە، ئەوەش ئەوەیە كە شیعەكان لە قەڵەمڕەوی جیهانی ئیسلامیدا بەشێوەیەكی بێ هاوتابوونەتە خاوەنی هێزو لەئاكامیشدا ئاراستە نێودەوڵەتییەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ سەراپا تێیان بڕوانرێتەوە. لە دەیەكانی ڕابردوودا، ئەوە هێزە سوننییەكان بوون كە یا لە فۆڕمی حكومڕانیدا یاخود لە قاڵبی گروپە ئسوڵیو سەلەفییەكاندا، وەك ڕۆڵگێڕی سەرەكی سەر شانۆی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیردەكرانو سەرنجی وڵاتە ڕۆژئاواییەكان لەنێوانیاندا ئەمریكایان بەلای خۆیاندا ڕادەكێشا. وەلی نەسر بەو ئەنجامە دەگا كە شەڕی ناوخۆ لەنێوان شیعەو سوننەدا لە عێراق، پڕۆژەی ئەمریكا بۆ ئەم وڵاتە شكست پێ دێنێو مەترسی ئەم شەڕەش بۆ ڕۆژئاوا، زۆر زیاترە لە مەترسی گروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، چونكە ئەم بەریەككەوتنە دەكرێ لە سنورەكانی عێراق بترازێو سەراپای ناوچەكە بكاتە مەیدانی شەڕێكی مەزهەبی لەنێوان شیعەو سوننەدا. لە تێڕوانینی نووسەری كتێبی **هەستانەوەی شیعەوە** ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریكا لەگەڵ گروپی ئەلقاعیدەدا نەبووە هۆی ئامادەكردنی سەراپای هێزە سوننییەكان، لەكاتێكدا كە توندڕەوی مەزهەبی توانای ئەوەی هەیە كە بیرە گشتییەكانی دنیای سوننی لەبەرامبەر بیرە گشتییەكانی دنیای شیعیدا بوەستێنێتەوەو چەند ڕەهەندێكی پێشبینی نەكراو ببەخشێتە كێشمەكێشی خوێناوی نێوان شیعەو ئەهلی سوننە. كتێبی **هەستانەوەی شیعە** بەم ناونیشانە فەرعییەوە"چۆن كێمەكێشی ناوەكی ئیسلام، ئایندە دروست دەكات"، بە وتەی وەلی نەسر، دەربارەی شەڕی عێراق نییە بەڵكو لەو تەنگژانە دەكۆڵێتەوە كە ئەم جەنگە هەڵیناونو هەروەها ئەوەشی كە ئەم توندوتیژییە سەرچاوەگرتووانە چۆن ڕێگەی ئایندە ڕەسم دەكەن. پرسیاری سەرەكی نووسەر ئەوەیە كە بۆچی شیعەكانو ئەهلی سوننە لە كێشمەكێشی



یەكدان، بۆچی ئەم كێشمەكێشە ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی زیاتر پەیدا دەكاو كاریگەرییەكی دیاریكەر لەسەر ئایندەی پەیوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەروەها جیهانی ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەجێ دێڵێ. بۆ گەشتن بەم ئامانجە، نووسەر لە بەشە سەرەتاییەكانی كتێبەكەدا ڕوونكردنەوەیەك دەدات لەسەر چۆنیەتی پەیدابوونی مەزهەبی شیعەو جیاوازییە ڕیشەییەكانی ئەم مەزهەبە لەگەڵ مەزهەبی زۆرینە یاخود مەزهەبی ئەهلی سوننەدا هەروەها هەوڵدەدا پایە سیاسیەكانی شیعە لەسەر بنەمای پایە ئیعتیقادییەكانی ئەو مەزهەبە ڕوونبكاتەوە. یەكێ لە بانگەشە سەرەكیەكانی ئەم كتێبە ئەوەیە كە شیعەگەرایی بەپێچەوانەی سوننەگەراییەوە، شەریعەتگەرا نییە، واتە ڕۆحی شیعە بەرلەوەی لە فیقهدا ڕەنگبداتەوە لە شەعائیرو نەریتەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە. لە ئاكامدا، نووسەر جارجارە چەند ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەنووسانە دەربارەی بەڕێوەچوونی نەریتەكانی عاشورا لە چەند وڵاتێكی جۆراوجۆری وەك پاكستانو ئێرانو هەروەها نەریتی زیارەتكردنی گۆڕی ئیمامانی شیعەو ئیمامزادەكان دەخاتەڕوو. ئەو لە بەشی چوارەمی كتێبەكەیدا سەرقاڵی ڕۆڵی چەند چەمكێكی وەك ڕووداوی كەربەلا، مەهدەویەتو شەهادەت لە بەرهەمەكانی عەلی شەریعەتیو هەروەها ئایەتوڵا خومەینیدا دەبێتو توانستی ئەم چەمكانە لە ئامادەكاری كۆمەڵایەتیو شۆڕشگێڕانەو هەروەها هێزبەخشین بە ئسوڵیەتدا هەڵدەسەنگێنێ. لەلایەكی ترەوە، نووسەر وای بۆ دەچێ كە ئایەتوڵا خومەینی بەپێچەوانەی نەریتی شیعەوە كە مەزهەبگەرایە تاوەكو شەریعەتگەرا، لەژێر كاریگەری نووسەرە سوننی مەزهەبەكانی دنیای ئیسلامیدا، بەرنامەی كاری سیاسی خۆی لەسەر بنەمای شەریعەت بونیادناو خوازیاری دامەزراندنی حكومەتی ئیسلامیو جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی ئیسلام بوو، ئەمەش بانگەشەیەكە كە پێدەچێ نە دەقیق بێتو نە سەلمێنراو. ئاشكرا نییە كە نووسەر بەرمەبنای كام بنەما تیۆریانە باوەڕی وایە كە پەیوەستبوونی شیعە بە شەریعەتەوە كەمترە لە پەیوەستی سوننەو بۆچی

دەنووسێ ئایەتوڵا خومەینی لە شەریعەتگەرایەکەیدا بەپێچەوانەی نەریتی شیعەوە رێی کردووە.ئەو پێداگرییەی کە نووسەر لەسەر پرسی نەریتە مەزهەبییەکان لە شیعەگەرایدا دەیکات تەنها لە گێڕانەوەی چیرۆکئاسای بەرێوەچوونی ئەم نەریتانەدا کورتدەبێتەوەو لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی یاخود ئەنترۆپۆلۆژیدا بواری تەرحکردن نادۆزێتەوە. خاڵی بەهێزی کتێبەکە ئەوەیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە ئاسۆیەکی بەرفراوانەوە لە پرسی شیعە دەکۆڵێتەوە. وەلی نەسر، مامۆستای Naval Postgraduate School)، سالانێکی زۆر سەفەری بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان بەتایبەت پاکستان کردووەو دەربارەی رەوشی شیعەکان لە وڵاتاندا بە تایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توێژینەوەی ئەنجامداوە .لەم رووەوە، سەردانەکانو داتا راستەوخۆکانی نووسەر توانای ئەوەی دەدەنێ تاوەکو بزاوتو کرانەوەی نوێی شیعە لە دورنما نێودەوڵەتییەکەیدا ببینێ. سەرنجراکێشیی بەشێکی سەرەکی کتێبەکە، بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ بنەما تیۆرییەکانی لەسەر گێڕانەوەو حیکایەتەکانی سەردانەکان وەستاوە. کتێبەکە وەك کتێبێکی بێ تیۆرو بێ میتۆدی زانستی دەردەکەوێو لە ئاکامدا زۆربەی سەردانەکانی نووسەر کەمتر توانیویانە لە قاڵبێکی دیاریکراوی میتۆدۆلۆژیانەدا بەکاربێن بۆ تێگەشتنێکی قوڵی مشتومڕی نێوان شیعەو سوننە. ئەم ریشەی نووسینە سادەکارانەو سادەسازە سیاسیانە کە بانگەشەی ناسینی شیعە یاخود ئیسلام دەکەن، لەم ساڵانەی دواییدا لە زمانە ئەوروپییەکاندا بایەخیان پەیدا کردووەو زیاتر وەڵامگۆی خوێنەرانی نائاشنای ئیسلامن تاوەکو کەسانێك کە بەراستی بەشوێن تێگەشتنی زانستیانەی واقعە ئامادەکەوەنو بەشوێن چوارچێوەیەکی تیۆریدا دەگەڕێن بۆ تێگەشتن لەو رووداوە هەنووکەییانەی نێو جیهانی ئیسلام. وەلی نەسر دەڵێ ئاڵۆزیی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە، پێشینەیەکی هەزار ساڵەی هەیە بەڵام ئەورۆکە لەناو سیاقی سیاسیو ئابووری تازەی جیهانی ئیسلامیدا شێوەو رەوتێکی نوێی وەرگرتووە. ئەو بە دروستی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بانگەشەکانی شیعەو سوننە بەڵگەو پاڵنەری ئیلاهیانەو کەلامی هەیەو لە جیاوازی بیرورا لەسەر رێبەری سیاسی ئومەتی ئیسلامی پاش پێغەمبەرەوە سەرچاوە دەگرێ بەڵام نابێ هۆکاری ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی، وەك هەژاری، گەندەڵی سیاسی حکومەتە ستەمگەرا ئیسلامییەکانو دواکەوتوویی کلتوریی لەبەرچاو نەگیرێت. ئاشکرایە کە چارەسەری ئەم کێشەیە وابەستەیە بە دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ ئەم فەوزا ئابوری، سیاسیو کلتورییەو لەوانە تا ئەو کاتەی کە شیعەکان نەتوانن لە هەر وڵاتێکدا بە هاوئاهەنگی دانیشتوانی خۆیان بچنە نێو ستراکچەری سیاسییەوە، مشتومڕ لەسەر دەسەڵات لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەشێوەی شیعەو سوننەدا دەردەکەوێو بەردەوام دەبێ لە روانگەی نووسەری کتێبەکەوە، بەهەمان ئەو چەشنەی کە جێگیربوونی دیموکراسی لە ئەوروپا بەبێ کۆتایی هاتنی تەنگژە مەزهەبییەکان لەنێوان مەزهەبە جیاجیاکانی مەسیحییەتدا مومکین نەبوو، بەردەوامبوونی مشتومڕی مەزهەبەکان لە جیهانی ئیسلامیشدا رێگرێکی سەختە لەبەردەم جێگیربوونی دیموکراسیدا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا.

**ئێران :لانکەی سیاسەتی شیعە**

کتێبی **هەستانەوەی شیعە** بەر لە هەر شتێك بۆ بڕیاردەرانی سیاسی لە ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا نووسراوە کە زۆرترین ئامادەیی سەربازیی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەو هەنووکەش دەرگیری شەڕێکی بێ کۆتایە لە عێراقدا. لەم رووەوە، زۆربەی ئەو زانیاریانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون رەنگە بۆ خوێنەرێکی شیعە یاخود بەئاگا لە بنەماو شوناسی شیعە هیچ شتێکی نوێی تێدا نەبێ. هەروەك، بە ئیعترافی نووسەر، کتێبەکە بە مەبەستی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نەنووسراوەو زیاتر زنجیرەیەك زانیاری پێکەوە گرێداوە کە وێنەیەك لەمەڕ رەوشی ئاڵۆزی کێشمەکێشی نێوان شیعەو سوننەو کاریگەریان لەسەر سیاسەتی ئایندەی جیهانی ئیسلامی دەخاتە بەردەست. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لەو بەشانەدا کە نووسەر سەرقاڵی هەوڵو تێکۆشانی شیعەکان بووە بۆ فۆرمەلەکردنی چەند چەمكو سیستمێکی سیاسی تازە، بەتایبەت ئەو بەشانەی لەسەر ئێرانە، بۆ خوێنەری ئێرانی هیچ سەرنجراکێشییەکی تێدا نییە. نووسەر وتەیەکی مەهدی حائیری یەزدی فەیلەسوفو فەقێی کۆچکردووی ئێرانیو کوڕی شێخ عەبدولکەریمی حائری یەزدی، بونیادنەری حەوزەی علمی قوم وەردەگرێ کە ئەو لە ترۆپکی جەنگی ئێرانو عێراقو ئەو جۆگەی خوێنەی کە لەنێوان ئەم دو وڵاتەدا هەڵسا بوو، سەردانی مامۆستاکەی خۆی لە فەلسەفەدا، واتە ئایەتوڵا خومەینی دەکات. ئایەتوڵا خومەینی ئەوکات تەنها لەسەر فەرشێك لە حەوشەی ماڵەکەیدا دانیشتبوو، حائیری، نیگەرانو پەشۆکاو، لەبارەی پەرێشانی خۆی لەمەڕ جەنگی ئێرانو عێراقەوە دەدوێو داوا لە ئایەتوڵا خومەینی دەکات رێگەیەك بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتاری بێ تاوانان لە هەردو لا بدۆزێتەوەو کۆتایی بە شەڕی نێوان موسڵمانان بێنێ . بە وتەی مەهدی حائیری، ئایەتوڵا خومەینی بە بێدەنگی گوێ بۆ قسەکانی رادەدێرێو سەرەنجام بە یەك رستە وەڵام دەداتەوە":ئایا کاتێ بومەلەرزە دەکەوێ تۆ رەخنە لە خواش دەگرێ؟."حائیری بە حەپەساوی لە بەیەکسانکردنی رابەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خواوەند، خامۆش دەبێو بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێ، بەجێی دەهێڵێو ئیدی هەرگیز ناچێتەوە بۆ سەردانی مامۆستاکەی. وەلی نەسر، ئەم رستەیەی ئایەتوڵا خومەینی بە زیاتر لە وەڵامێکی سادە تەفسیر دەکاو بە تەسەوری ئایەتوڵا خومەینی دەزانێ لەمەڕ پەیوەندی بەحەقیقەتی موتڵەقو ئاگایی راستەوخۆی ئەو لە ئیرادەی خواوەند کە لە تیۆرەی ولایەتی فەقیهدا رەنگی داوەتەوە. لای وەلی نەسر، ئایەتوڵا خومەینی، تاقە رابەرێکی مەزهەبییە کە هەم لە تیۆرەداو هەم لە کردەوەشدا لەگەڵ نەریتی شیعەدا ماوەی وەرگرتووە .ئەم ماوەیە لە دڵی ئەو "ئیمام"دا بە چاکی قابیلی بینینە . نازناوێك کە شیعەکان تا ئەو کات بە هیچ کەسێکیان نەدابوو جگە لە دوازدە ئیمامە بێگوناهەکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەشێك لەم چەشنە ئیقتباسانە، بێ سەرچاوەو بەڵگەن، لەوانە ئاشکرا نییە سەرچاوەی نووسەر لە وەرگرتنی ئەم حکایەتەدا کە رۆژێك یەکێك لە نوێنەرانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە ئایەتوڵا خومەینی پرسی ئایا تۆ هەمان مەهدی وەعدپێدراویت؟ ئایەتوڵا خومەینیش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. هەروەك ئەوەی بەشێك لەو زانیاریانەی کە لەم کتێبەدا وەك راستی هاتوون، دروست نین، لەوانە ئەوەی کە مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێستای ئێران ئەندامی ئەنجومەنی "حجتیە "بووە. رەنگە ئەم زانیاریە لەو رووەوە هێنرابێت تاوەکو پەیوەندی نێوان ئسولگەرایی شیعەو مەسەلەی مەهدەویەت تۆخ بکاتەوە. شتگەلێکی لەم جۆرە وای کردووە کە زۆربەی بانگەشە تیۆرییەکانی نووسەر لەوانە دەربارەی نەریتگەراو ناشەریعەتگەرایی بوونی فیقهیش دەقیق نەبێو هەڵگری گفتوگۆ بێت . بەگشتی، بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، لەو ساڵەدا کە تەنگژەی مەزهەبی لە عێراقدا، لە مێژووی کوشتاری بەرامبەری شیعەو سوننەدا، لانیکەم کەم وێنەیە، یارمەتی بڕیاردەرانی سیاسی واشنتۆن دەدات تا یەکەم باشتر لە ئاکامە بیرلێنەکراوەکانی جەنگی عێراق بەئاگابێنەوەو دووەم رێگەچارە سیاسیەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر بنەمای بە جدی وەرگرتنی هێزە شیعییەکان، بەتایبەت لە لوبنانو عێراقدا، راستبکەنەوە.

* توێژەرێکی ئیسلامییە

## فەرهاد پیربالْ:

# دەیانجار گوتوومە کتێبەکانم پارچە ئێسقانێکن فڕێی دەدەم کێ حەزی لێیە هەڵیگرێتەوە



فەرهاد پیربالّی شاعیرو رۆماننوس‌و ئەدیب، فەرهاد پیربالّی بەتەمەن گەورەو بەروح گەنج‌و یاخی. فەرهاد پیربالْ کە لەهەر شوێنێك کۆڕی هەبێت تا ئەوەندەی شوێنەکەو زیاتریش دەگرێت گەنج بە تاسەی بیستن‌و بینینی ووتەو قسەو کردارەکانی کۆدەبنەوە، کە لەم زەمان‌و سەردەمەدا کۆکردنەوەی ئەو رادەیەی گەنج‌و جەماوەرە خۆی لەخۆیدا جێگای سەرسوڕمانە، لە سەردانێکی پیربالْ بۆ رانیە بە ئامانجی سازدانی کۆڕێك ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەنجامدا. فۆتۆ: شاخەوان

عومەر سلێمان

زنار: یەکەم جار چۆن بوو باوەشت بەدنیای ئەدەب‌و ئیستاتیکادا کرد، لەسەرەتادا.

د. فەرهاد پیربال: من دایکم نەخوێندەوارەو ئێستا وەفاتی کردووە، باوکم کاتی خۆی وەك باسی دەکرد مامۆستایەکی زۆر زاڵم‌و غەددار زوڵمی لە زۆربەی تەڵەبەکانی پۆلەکەی کردووە لە مەکتەبی(ئیبن خەلەکان)باوکم‌و چەند تەڵەبەیەکی دیکە ئەومامۆستایەیان لەقاتی یەکەمەوە فڕێداوەتە خوارێ، دواتر لەسەر ئەمە باوکم فەسڵ کرابوو، من کوڕی ئەو پیاوەم (پیربالْ قەساب) کە هەتا پێنجی سەرەتایی خوێندبوو، هەرلەو پۆلە لەگەڵ قوتابیەکاندا مامۆستاکەیان لەقاتی یەکەمی قوتابخانەکە فڕێدابۆخوارێ. چونکە زوڵم‌و غەدری مامۆستایان قبوڵ نەکرد. ئەم قسەیە یەکەمجارە دەیکەم.ماڵی ئێمە کتێبی لێ نەبوو تا لەڕێگەی کتێبەوە دنیا بناسم، بەڵام پڕبوو لە حیکایەت، پڕبوو لە فەلسەفەی پیاوێکی دنیادیدەو قەساب بۆمنی منداڵ، کە لە خەلەکانەوە بگرە تا دەگاتە خۆشناوەتی‌و پشدەرو سنەو

سابلاغو شەمزینان بەپێ گەڕابوو لەژیانی خۆیدا، فەلسەفەی پیاوێکی ئەوا کەم نەبوو بۆ منی منداڵێکی دەستگێڕە، هەزاران حیکایەتو شیعری لەبەر بوو کە بە تورکمانی بۆی دەگووتم، لەلایەکی دیکەشەوە دایکم لێوان لێو بوو لەهەستی ژنانەو هەستی ناسك لێوانلێو لە فۆلکلۆر، بەڵام لاپەڕەیەك لەماڵی ئێمە نەبوو تاگەیشتمە پۆلی شەشو پێنجی سەرەتایی.

زنار: ئەی تۆ لە مزگەوتو حوجرەی فەقێیان نەتخوێندووە.

د.فەرهاد: نا، نا.. بەڵام بانگم دەدا لە مزگەوتی(کوێتی)بێ ئەوەی قورئانم خوێندبێتەوە، بێ ئەوەی هیچی وا لە ئیسلام بزانم، تەنها لە مزگەوت دەچووم نوێژم دەکرد، نازانم چۆن بوو ڕێم کەوتە ئەوەی کە بانگ بدەم، ئەمە ماوەیەکی زۆری خایاند لەو مزگەوتە کە لەگەڕەکی تەیراوابوو. دەوروبەری چوارو پێنجی سەرەتایی سەباحی برام لە ناو شۆڕش بوو پارتی بوو یەعنی خەباتگێڕوو تێکۆشەرو ئەوشتانە بوو، لەگەڵ هەزاران خەڵکی دیکە، پێدەچێ لەڕێگەی سەباحی برامەوە کتێب هاتبێتە ماڵمان، کتێبخانەیەکی بچکۆڵەی هەبوو، کتێبەکان زیاتر بەزمانی عەرەبی بوون، بەڵام کتێبی کوردیشی هەبوو، یەك لەوانە( یوسفو زلێخا، مێژووی ئەدەبی کوردی "عەلائەدین سجادی")ڕەسوڵ گەردی گۆرانبێژیش برادەری باوکم بوو، کتێبی شیلانو شلێری لەبەردەم دووکانەکەی باوکم پێشکەش کردم، چووم لەماڵەوە خوێندمەوە، شیلانو شلێری ڕەسوڵ گەردی، شیعری زۆر لیریكو سادە بوون، ئەوکاتە بەو منداڵیەی خۆمەوە زۆر خۆم بەگەورەو پیاو دەزانی، هەروەها کتێبەکانی سەباحی براشم بوونە هۆی دەستگرتن بە مەراقی خوێندنەوە، چونکە خوێندنەوە مەراقێکە باوك بزانێ چۆن منداڵەکەی دەخاتە سەر مەراقی خوێندنەوە، ئیتر پێویستی بەمەترسی نییەو ئەو منداڵە شەریفو پاكو جوانو داهێنەر دەردەچێ، من مەراقم کەوتە سەر خوێندەنەوە، لەهەمان کاتیشدا مەراقێکی دیکەشم هەبوو ئەویش تۆپانێ بوو، لەگەڵ ئەو (تەنیا عارەب عوسمان)ـەی گۆرانبێژ تۆپانێمان دەکرد، مەراقێکی دیکەشم هەبوو، ئەویش سواربوونی کەری پشت گوڕو دەرهێنانی دوپشك لە ئاقارو چۆڵەوانیەکان، لەبەرینی ئەم سێ مەراقە دیارە کتێب خوێندەوەو بەداواچوونی قەڵەمو کاغەزو کتێب، هەستی خوێندەنەوەم زیاتر تێدا زاڵ بوو، یەعنی لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە لە تۆپانێ فەشەلم هێنا بۆیە کەوتمە سەر خوێندنەوە، سەرەتام ئەوا بوو.

زنار: شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس کە خزمێکی نزیکی تۆیە، بەردەوام لەناو قەهرو ناعەدالەتیەکانی باوك دا ژیاوە، ئایا تۆش هەمان بەدبەختیت نەبوو.

د. فەرهاد: بەڵێ شێرزاد حەسەن کوڕی خاڵمە، بەڵام لەراستیدا من کێشەم هەبووە لەگەڵ باوکم، یەعنی ئەگەر شێرزاد ئاوا باسی باوکی خۆی دەکا، ئازادە ئەو باوکەی ئەو خاڵی منە، بەڵام من ناتوانم لەسەر باوکی ئەو قسە بکەم، چونکە لەماوەی منداڵیەتی خۆمدا، لەباوکی ئەو کە خاڵی منە مەحروم بوومو نەم دەناسی، یەعنی من لە پۆلی شەشی ئامادەیی زانیم کە پیاوێك هەیە خاڵمە، چونکە نەمدەناسی کە خاڵێك هەیە ناوی حەسەنە، لەدایکم دەبیست، زۆر جار سوێندی دەخواردو ناوی دەهێنا، بەڵام مەمنوع بوو ئێمە بچینە ماڵی ئەوان چونکە بەینی باوکموخاڵم تەواو نەبوو. من نەمدەزانی شێرزاد کێیە، من ئەوم لەسەرەتای پۆلی شەشی ئامادەیی ناسی، ڕۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکی بەکوردی کەی دەرچوو من دوای دووسێ مانگێك بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە شێرزادم ناسی، ئەوجار زانیم کە پیاوێك هەیە ناوی شێرزادەو کوڕی خاڵمە، ژوورێك هەبوو لەقاتی سەرەوەی ماڵی خۆمان لە تەیراوا ژورێکم هەبوو گەنج بووم عارەقەیەکی پیسم کردبوو لەدەرگا دراو پیاوێك هاتە ژوورەوەو گوتی من ناوم شێرزادەو کوڕی خاڵی تۆم، منیش گوتم کام خاڵ گوتی(حەسەن)کە بابی منەو خاڵی تۆشە، ئەوکاتە من زانیم کەخاڵێکم هەیە ناوی حەسەنەو کوڕێکی هەیە ناوی شێرزادە، بۆیە ناتوانم شایەدی لەسەر ئەوە بدەم کە باوکی شێرزادی کە دەکاتە خاڵی من چۆن بووەو چۆن نەبووە، دوای ئەوەش کەوتمە سلێمانیو کەم دەمدیت، بەڵام کەلە سلێمانی تەواو بووم ئوتۆمۆبێلیان وەرگەڕابوو، ئەوکات زۆر لێیانەوە نزیك بووم چونکە خاڵم بوو، لەو ماوەیەدا لە شێرزاد زیاتر خزمەتی خاڵی خۆم کرد بەشانازیەوە، ئەوکاتە ئەو پیاوێك بوو تەمەنی هەبوو زۆر گوناح بوو بەڵام ناتوانم باسی ئەوە بکەم لە زەمانی منداڵی شێرزاد، بەڵام بەبەراورد بەم قسانەی شێرزاد لەسەر باوکی دەیکات، باوکی من ئەو دڵڕەقو توڕە نەبووە کە شێرزاد باسی دەکات، باوکی من میهرەبان بوو، سەرەڕای ئەوەی شەڕمان دەبوو ناخۆشیمان دەبوو لێی دەدام دەری دەکردم، لەوانەیە بەشێکی ئەم کێشانە بگەڕێتەوە بۆخۆم کە گەنجێکی یاخیو سەرکێش بووم، شەرت نییە خەتا بگەڕێتەوە بۆ باوك لەباری پەروەردەییەوە، لەوحاڵەتەشدا من گەنجەکە تاوانبار ناکەم حەقی خۆیەتی یاخی بێتو سەرکێشی بکات، بەتایبەتی لەو وڵاتەی ئێمە دوو نەوەو بیرکردنەوەی جیاواز هەیە، هی کۆن لەگەڵ نوێ هی گەنج لەگەڵ کۆن، شیعرێکی فروغ هەیە دەڵێ " باوەڕبێنین بەسەرەتای وەرزێکی سارد" باوەڕ بەوە بهێنین کە یاخی بوون کارێکی سروشتیو ئەزەلیەو گەنج هەمیشە دەیکاتو دەبێت بیکات بەرامبەر بە نەسڵی پێشووی خۆی.

زنار: باشە یەکمجار کە ڕێگای دەرەوەی وڵاتت گرتە بەر بەرەسمی بوو یان قاچاخ بوو.

د.فەرهاد : حاشەحازری﴿......﴾هەبوو بەرەسمی بچێتە دەرەوە، من ئەوکات کە ساڵی ١٩٨٤ بوو لەدەست عەسکەری کردنو زروفێك غارمدا کەئینسانی دەخنکاند، یان دەبوو بچیت ببیە جەیشی شەعبیو جاشو ئەم شتانە، من زولمێکی زۆر بچوکی باوکی خۆمم قبوڵ نەدەکرد چۆن دەبمە خزمەتکاری حەقیرێکی وەکو صەدام حوسێن، چوومە ئێران لەوێ هەشت مانگ بوومە بەناهەندە دوای ئەوە کە پەساپۆرتە عێراقیەکەم مەفعولی مابوو لە ئێرانەوە بەکارم هێنا سەری خۆم هەڵگرت بۆ پۆڵۆنیاو ئەڵمانیا دواتر بۆ دانیمارك، دوساڵ لە دانیمارك مامەوە، بەراستی من ئەوکات گەنجێك بووم حەزم دەکرد بخوێنم، کە ئەوکات بەکالۆریۆسی ئەدەبی کوردیم هەبوو، ناوم لە سێ زانکۆی وەك مۆسکۆو پۆڵۆنیاو پاریس دەرچوو، لەماوەی یەك مانگدا ئەوەی پاریسم هەڵبژاردوو چوومە پاریس کە زەمالەی حکومەتی فەرەنسی بووم.

زنار: کاتی بێئیشی خۆت لە فەرەنسا چۆن بەسەر دەبرد.

د.فەرهاد: من کاتی بەتاڵەم نەبووە بە هەموو درێژایی عومرم، ٤٥ ساڵ زیاترە بە حەیاتی ئەژدادم یەك ساتیش هەستم بە بەتاڵی نەکردووە.

زنار:پەیوەندی سۆزداریت لەگەڵ کچی فەرەنسی چۆن بوو کە ئەوکات تۆ لە هەڕەتی گەنجێتی دابووی.

د. فەرهاد: لە دانیمارك ژیانی عاتفیم ناخۆش بوو، لەناو بیروەریەکانی رابردوومدا دەژیام، داخراوبوومو توانای پەیوەندیکردنم بەژیانو کۆمەڵگای دانیمارکی نەبوو، بەڵام لەیەکەم هەفتەمەوە کە گەیشتمە ناو فەرەنسا هەزاران دەرگا لەڕووم کرایەوە، ئەسڵەن ژیانی دووره وڵاتیم سەرەڕای ئەوەی کە لە سویدو دانیماركو پۆڵۆنیا زۆر ژیام بەڵام، سەرەتای درککردنم بە ئەوروپا ژیانی خۆم لە فەرەنساوە دەستی پێکرد، مەسەلەی ئافرەتو کچ بەشێك برادەرم بوون لەوانەی ناسیومن بەشێك هاوکارو هاوپۆلو هاوڕێم بوون، بەڵام بێگومان منیش ئەوکاتە کە گەنج بووم کەوتمە ناو چەندین عیلاقاتو پەیوەندی جۆراوجۆری خۆشەویستی.

زنار: کە خۆت زۆر لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسی ژیاوی، بە چ شتێکی ئافرەتانی فەرەنسی ئیعجابت زۆر بوو، وەک چۆن دەڵێن ئافرەتی کوردی بەوەفا دەناسرێتەوە، ئەی ئەوان بەچی.

د. فەرهاد: من ئەو تێگەیشتنەم نییە لەسەرئافرەت، بەڵام راپرسی کراوە لەسەر ژنانی ئیتاڵی کە لە راپرسیەکەدا ئافرەتی ئیتاڵی لەچاو هەموو ئافرەتانی ئەوروپاو دنیا خوێندەوارترو رۆشنبیرترن، ئافرەتانی دانیمارکی لەچاو هەموو ئافرەتانی دنیا حەشەری ترن مەسەلەن. بەڵام من لەژیانی تایبەتی خۆم ئەم فەلسەفەیەم نییە،

پێموانییه ئافرەتی کورد بەوەفاتر بێو یان ئافرەتی عەرەب گیلو هێلتربێ، نا من وای تێناگەم.

زنار:بابێینه سەرەتای گەڕانەوەکەت لەفەرنساوە بۆ کوردستانو چاپکردنی کتێبی (زێری ناوزبڵ) چیرۆکێکی سەیر لەسەرناوی ئەم کتێبە هەیە کە لە پێشەکیەکەیدا باست کردووە، گەر بکرێ بەکورتی لەسەر ئەم رووداوە بۆ خوێنەرانی زنار قسە بکەی.

د. فەرهاد: وەڵاهی لەوێدا باسم کردووە، بەڵام ئێستاش بیرم نییە کە ئەنقەرە بوو یان ئەستەمبوڵ بوو، چونکە شەوەکەی ئەوەندەیان تێهەڵدام ئەوەندەیان تێهەڵدامو چەند شەوێك لەزینداندن مامەوە تارادەی ئەوەی کە بەتەواوی بیرم نییە کە ئەستەمبوڵ بوو یان ئەنقەرە، چونکە نەمامەوە لەوێ، تەنها لە لەوژووربۆ ئەو ژووری زینداندم پێدەکرا، لەوێ شوبهەی پەکەکەو ئەرمەنیان لێکردم، ئەزیەتیان زۆردام چونکە ناوی خۆمو دایكو باوكم کوردی بوو، هەروەها دەهاتمەوە بۆ کوردستان، بەڵام تورك بەشێوەیەکی گشتی هەر لە پۆلیسێکیانەوە تا دەگاتە رەئیسی عەشیرەتو سەرۆك کۆمارەکەیان کەیفیان بەکورد نایەتو پێیان وایە کورد مەترسیەکی گەورەیە، ئیدی تۆڵەی ئەوشتەیان لەمن کردەوە، منیش یەك دنیا ئەرشیفم پێبوو ویستیان بیدڕێنو فیعلەن زۆریشیان لەبەر چاوم دراند، هەندێکی زۆریشیان خستە ناو تەنەکەی زبڵەکەوە، منیش بەدزیەوە نیو سەعاتێك بەتەنیا مامەوە، چومە لای تەنەکە زبڵەکەو هەندێك لەو ئەرشیفانەم دیتەوەو بەدزیەوە خستمنەوە ناو جانتاکەی خۆم، ئیتر لەسەر ئەو بنچینەیە ناوم لەم کتێبەنا (زێری ناو زبڵ)چونکە لەناو زبڵدانەکە مێژووی ئەو میللەتەی خۆم هەڵگرتەوە، ئەمە بەشێکی کەمیەتی دەنا پازدە بەرابەری ئەمەم لەماڵەوە ماوەو وەرم نەگێڕاوە.

زنار: بۆچی کاتێک رێبوار سیوەیلی تووشی کێشەیەک بوو لەسەر لێدوانی رۆژنامەوانی هیچ هەڵوێستێکی تۆمان بۆ پشتگیری ئەو نەدی، لەکاتێکدا هاوڕێیەکی نزیکی بووی.

د. فەرهاد: بۆ دەبێت من دیفاع لەو بکەم، بەڵام کاتێك( ملازم تەحسینو شتی تر)م بلاوکردەوە بۆچی ئەو رێبوار سیوەیلیەی کە تۆ بەشایستەی دەزانی دیفاعی لێبکەم، لەوکاتەی درامە مەحکەمەو هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو قیامەتو نازانم کێو کێ شکاتیان لێمکرد، بۆچی ئەو یەك کەلیمەی لەسەر من نەنووسی، جگە لەوەش وەختێك رێبوار سیوەلی خەریك بوو فەسڵدەکرا لە کۆلێژی ئاداب، ئەدی فەرهاد پیرباڵ نەبوو کە یەك لاپەڕەی لە دیفاع لە رێبوار سیوەیلی لە رۆژنامەی روانین نەشرکرد، من دیفاعم لەبروانامەکەی کرد، ئەدی ئەو وەختەی من لەسەر دیفاعکردن لە تەڵەبەو شەرەفی زانکۆ خەریك بووم کەئیستاش کێشەکە حەل نەبووە ئەدی بۆ رێبوار سیوەیلیەك نەهات دیفاعم لێبکا.

زنار: تۆوەک کەسێکی خەڵکی هەولێر تاچەند لەگەڵ ئەو قسانەی دابووی کەلەسەر کولتووری هەولێریان لە میدیادا کردبووی.

د.فەرهاد: بەیەك کەلیمە قسەکەی راست نییە، بەتایبەتی لەحاڵەتێك کەسێك خۆی بە مەوزوعیو ئەکادیمی بزانێ نابێ جوزئێك تەعمیم بکابۆ شارێك، دەیان قسەی قۆڕهەیە لەسەر شاری سلێمانی مەسەلەن، دەیان قسەی قۆڕهەیە لەسەر (حللە)لەسەر شاری موسڵ، بەڵام تۆنابێ بڵێی هەموو ئافرەتانی موسڵ ئەوهان، ئەو تەعمیمە کارێکی راستو ئۆبژەکتیڤ نییە.

زنار: بەڵام تۆ گوتووتە من لەبەر نێربازەکانی هەولێر فێری مەلەکردن نەبووم.

د. فەرهاد: ئێ راستە ئەم قسەیە، بەڵام من ئەوە تەعمیم ناکەم بەسەر ئەوەی کە بڵێم هەولێر هەر هەمووی منداڵبازە، من دەڵێم لەبەر منداڵبازەکانی هەولێر وازم لە مەلەکردن هێنا، وازم لە مەسبەحەکانی هەولێر هێنا، ئێستاش مەلەنازانم لەبەر ئەوەی ئەو زەمانە منداڵ بووم چاوم بە دووسێ منداڵبازی ناو مەسبەحەکە کەوت لەبەرچاوم کەوتو وازمهێنا، من بۆم هەیە ئەو قسەیەبکەم، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە منداڵباز لەکەرکوکیش نین لە بەغداش نین لە حللەو سلێمانیو دهۆکیش نین، ئەوەش ناگەیەنێ کە خاڵی نییە لەوەی کە دهۆك منداڵبازی نییە، یان هەولێر هەر هەمووی منداڵبازن نا ئەمە قسەی قۆڕو غەڵەتە.

زنار: خوانەخواستە ئەگەر رۆژێک تۆبمریتو لەلایەن ئەوگەنجانەی تۆیان خۆشدەوێ پەیکەرێکت بۆ دروستکرا، حەزدەکەی ئەم پەیکەرە لەکوێ دابندرێ.

د. فەرهاد: لە مۆزەمبیق

زنار: مەریوان وریا قانع لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری لڤین دەڵێ

د.فەرهادو مەدحەت کاکەییم لەگەڵدا بوو، چۆن باسی ئەو یادەوەریو سەردەمە دەکەی لەگەڵ ئەم ناوانەدا، یان چۆن بوو تۆ شاخت هەڵبژاردوو بوویە پێشمەرگە.

د.فەرهاد: من مەدحەتم کەم دەدیت من مەریوانیشم لەبەینی بەرگەلووسەرگەڵودی، کاتێك بەسواری ئەسپەوەبووم دەچوومە سەرگەڵو نان بێنم، مەریوانیش لەسەرگەڵو نازانم بۆ چ کارێك دەچوو بۆبەرگەڵو، لەشوێنێك یەکترمان دیت کە پێشمەرگەیەکی لێ شەهید کرابوو، نازانم شەهید جەمال بوو کێ بوو باش بیرم نییە، بەڵام ئەو بەمنی گوت کە ئێرە ئەم شوێنەیە کە فلانی لێ شەهید کراوە، من لە ئەسپەکەم هاتمە خوارەوەو لەلای تەڵاشە بەردێکی زۆر گەورە نیوسەعاتێك بەپەکەوە قسەمان کرد، چونکە ماوەیەکی یەکجار زۆر بوو لە هەولێر لەیەکتری دوورکەوتبووینەوەو دابڕابووین، ئەخێر جار لە ١٩٨٤ بوو مەریوانم بینی. سەبارەت بە هۆکاری چوونم بۆشاخ، راستیەکەی من بۆ ئەوە نەچوومە شاخ ببمە پێشمەرگە نا، یەعنی ئەمە بەو مانایە نەبوو من باوەڕم پێیان نەبێ، خۆت دەزانی سەدان، هەزاران کەس دەچوونو نەدەبوونە پێشمەرگە، بەڵام باوەڕیان بەو پێشمەرگانە هەبوونو رێزیان دەگرتنو خۆشیان دەویستن، منیش یەکێك بووم لەوانە. بەڵام وەختێك چوومە ناوشاخ بەونیازە نەبووم ببمە پێشمەرگە، بەڵکو لەدەستی سەربازیو سەدام حوسێن، لەهەولێر رامکرد، بۆ ئەوەی ژیانی گەنجێتی خۆم بپارێزم، لەهەموو عێراقیش جگە لەوشوێنانەی کە تێیدا حەرەکە دەکرا، هیچ مەجاڵێکی دیکە نەبوو کە ژیانی خۆمی تێدا بپارێزم، تەنیا ئەو ناوچانە نەبێ کە پێشمەرگەکانی کوردستان ئازادیان کردبوو، هەر بۆ ئەوە چووبووم.

من بە تەزکیەو پشتیوانی شێرزاد حەسەنو دایکی کەریم عوسمان چومە شاخ (دایکی شەهاب)کەریم عوسمان متی نارد بۆ ئەوەی بچم لەیەکێتی نووسەران دانیشم، پاشان کاك ئەرسەلان بایز... (بەراستی ئەو پرسیارانە قەت لەمن نەکراوە، یەکەمجارە ئەو قسانە دەکەم زۆرم پێخۆشە...)پاشان کاك ئەرسەلان گوتی: ناویەکێتی نووسەران کارێکی ئەوتۆی لێ نییە مادام تۆ دەرچووی بەشی کوردیو کوردیەکەت باشەو نووسەری، حەزدەکەین بێی بۆ راگەیاندنو لەوێ سەرپەرشتی ئەو کتێبانە بکەی کە پێش ئەوەی بچنە چاپ پێداچوونەوەی کوردیەکەیان بکەیتەوەو هەڵەکانی چاپیش چاك بکەی، چووم لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لە راگەیاندن لای کاك ئەرسەلان بایز دەستم کردە کار، بەڵام سەربەخۆو ئازاد، یادی بەخێر کاك هۆشیار عابد کە ئیستا لە بەریتانیایە ئەو کات جێگری کاك ئەرسەلان بوو، هەروەها باسم رەسام کە ئیستا کاری رەسامی دیزاینی کتێب دەکا لە تاران، پێیان گوتم کە راپۆرتێك لەسەر من چۆتە ناو حزبو دەڵێ گوایە من شیوعی بوومەو جاسووسی بۆ شیوعیەکان دەکەم لەناو راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی، بەڵام کاك هۆشیار عابدو باسم رەسام، بەرگریان لێکردبووم حەقیقەتی منیان باس کردبوو بێ ئەوەی من بزانم منیان نەجاتی دابوو، بەڵام هەتا ئەمرۆ هیچ کەسێکی ناو یەکێتی نیشتیمانی نەهاتووە محاسەبەی من بکات یان بمخاتە حاڵەتێکی دادگایی کردنەوەو تاوانبارم بکات بە شیوعیەت، بەڵام ئەو وەختەی لە هەولێر بووم یان تەڵەبە بووم، تابیعەمان دزی، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە کۆمەڵەبوون یان شیوعی بوون، یەکێك لە تابیعەکان لەرێگەی ماڵی ئێمەوە ناردمانە ناو کۆمەڵە، نازانم گەیشتە کوێ، بەڵام لەرێگەی شەهید ناسر شەیداوە کە دواتر گیراو ئیعدام کرا، ناردمان، دووەم تابیعە، لە معهدی پزیشکی هەولێرەوە دزیمان، ناردمان

بۆناو حزبی شیوعی، بەڵام بەبێ ئەوەی نە شیوعی بم نە کۆمەڵەی ڕەنجدەران نە یەکێتیو نە پارتی هیچ نەبووم، تەنها گەنجێکی یاخیو حەزم دەکرد ئەوکارانە بۆ پێشمەرگە بکەم، ئەوکاتە حەزو ئیرادە بوو جۆرێك بوو لە یاخی بوونو دژایەتی حکومەتو سەدام کە کەیفمان پێی نەدەهات.

زنار: حەمەسەعید حەسەن. لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتیدا لەسەر دوایین ڕۆمانت (حیکایەتەکانی باوکم)پێیوایە، تۆ هەڵپە زۆر دەکەیو یابڵێین ئارام ناگری بەدەقێكو زوو دەقێکی دیکەت لەدایک دەبێت، ئەمەش زیانی گەیاندبێت بە بەرهەمەکانت.

د.فەرهاد: بزانە من لێکۆڵینەوەیەکم وەرگێڕاوە بەناونیشانی مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردی، هیچ کەسێك پێش من لەسەر مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردی کاری نەکردووە بەو شێوەیەی کەمن کارم تێداکردووە، لەوانەیە تاقو تەرا مەقالەیەك هەبێ لەسەر وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردی، بەڵام تەئریخی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردی، کەس وەکو من، لەپێش مندا ئەوکارەی نەکردووە. کتێبیکی دیکەم نووسیووە، لەسەر مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان، کەس پێش من بەم شێوە فراوانە کاری لەسەر نەکردووە، لەوانەیە ئەویش تاقو تەرا مەقالەیەك هەبێ. کتێبێکی دیکەم هەیە لەسەر مێژووی شانۆ لە کوردستان، هەمان قسەم هەیە. هەرکەسێك باشتر لەمن ئیش دەکا بابیکا هیچ ڕێگام لێنەگرتووە، پێنج ڕۆمانم نووسیوە خەڵکی دیکە پێنج ڕۆمان نانووسێ بادووی بنووسێ، یان با هەژدە ڕۆمان بنووسێ ئازادن، من بەم شێوەیەی خۆم حەزدەکەمو دەمەوێ کاری خۆم دەکەم، هەرکەسێك بیەوێ ڕێم لێبگرێ حەددی نییەو ناتوانێ، من کاری خۆم دەکەمو تەواو بڕایەوە. ئەدەبیات موڵکی بابی کەس نییە، کەس فێری منی نەگردووە چۆن ڕۆمان بنووسم، کەس دەستی منی نەگرتووە چۆن سیناریۆ بنووسم، کەس شەونخونی لەگەڵ من نەدیتوە بۆئەوەی چۆن شانۆنامە بنووسم، لەبابم فێربووم لە ئەژدادم فێربووم، لە ملیۆنێك نووسەر فێربووم لە خۆم فێربووم لەژیان فێربووم، ئەوە بکەمو ئەوە بنووسمو ئەوە لێك بدەمەوە. منەتباری کەس نیم قەڵەمی خۆم هەیە، دەڕۆمو دەنووسمو دەخەوەم دەخوێنمەوە، دەیانجار گوتوومە کتێبەکانم پارچە ئێسقانێکن فڕێی دەدەم کێ حەزی لێیە هەڵیگرێتەوە، فڕێی دەدەم وەکو تڕ.. تڕێ دەکەنمو بەڕێگاوە دەڕۆمو کێ بۆنی دەکاو بۆنی ناکا، بۆنی خۆشە ناخۆشە، عیلاقەم نییە، ئەدەبیات تڕە، هونەر تڕە.. داهێنان تڕە هەزاران جار گوتوومە، کەیفی خۆیانە کێ بۆنی دەکا یان نا، کاك حەمە سەعید برای خۆشەویستمە چ دەڵێ با بڵێ، هەرکەسێکی



**ئەدەبیات تڕە، هونەر تڕە.. داهێنان تڕە هەزاران جار گوتوومە، کەیفی خۆیانە کێ بۆنی دەکا یان نا**

دیکەش چ قسەیەکی هەیە بابیڵێ، من کارم بەسەر ئەو شتانەوە نییە کە لەبارەی ئەدەبیاتی من دەگوترێ، هەر هونەرمەندوو نووسەرێکی دیش دەبێ بەو شێوەیە بیربکاتەوە، کاری خۆت دەکەیو دەڕۆی پاکە پیسە، گرنگ ئەوەیە تۆ چێژ لەو نووسینە وەردەگری، گرنگ ئەوەیە تۆ ئیلتزامو بەشەردۆستیەکت هەیە، جوانیناسیەکت هەیە، ئیحترام دانانێکت هەیە، بۆ ئینسانێك گەلێك، کێشەیەك، جیلێك، ئەوشتە دەخولقێنیو فڕێی دەدەی ئەوەت لاگرنگ نەبێ نەتائیجت چی دەبێ.

زنار: لەدیوانی(بۆ ڕۆدانی کوڕم) شیعرێکت پێشکەشی حەمەسەعید کردووە، بەڵام دوایی دەڵێی ئەگەر ئەو وەری نەگرت پێشکەشی شێخ ڕەزای دەکەی، ئەو نزیکیە چییە لەبەینی ئەو دوو کەسایەتیەدا کە شیعریان پیشکەش دەکەی.

د. فەرهاد: بزانە من باوەڕم بەوە هەیە کە شتەکان بوروژێنین، مەعنایەکان قابیلی تەفسیربێ، کە ئەوەم نووسی حەزم دەکرد ڕۆژنامەنووسێك یان نووسەرێکی وەکو جەنابت بێ ئەو پرسیارەم لێ بکا، منیش پێی بڵێم بڕۆ خۆت لێکی بدەوە، بەڵام پەیوەندیەك هەیە لەنێوان شێخ ڕەزاو حەمە سەعید حەسەندا، خۆت بیری لێبکەوە چۆنە، تەفسیری من ئەوەیە بۆ حەمەسەعید حەسەن، ئەگەر ئەویش بەدڵی نەبوو بۆ شێخ ڕەزا، ئەگەر ئەویش بەدڵی نەبوو مەسەلەن بۆ (کێت حەز لێیە) بۆ هەر کەسێك.

زنار: بۆچی مەریوان وریا قانع دەڵێ هیچ شۆڕشێک هونەرمەندوو ڕۆشنبیرەکانی خۆی خۆش ناوێت، لەسەر ئەم ڕایەی دەڵێی چی.

د.فەرهاد: باوەڕناکەم مەریوان تەنها مەبەستی شۆڕشەکانی کورد بووبێ، زۆربەی شۆڕشەکانی دنیا، سەرکردەکانیان دوای سەرکەوتنی شۆڕەکانیان ڕوناکبیرەکانی خۆیان تەلاقداوەو پشتیان تێکردووە، مەسعود محمد لە کتێبی (مرۆڤو دەوروبەر) باسی ئەوە دەکا، واتێدەگەم مەبەستی مەریوان تەنها شۆڕشی کورد نییە، بەڵکو زۆربەی شۆڕشەکانی دنیا ئەوە وەفایان بووە، سەبەبەکە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆربەی ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەو ئازاکان، ڕازی نەبوونە بەو دەستکەوتانەی کە سەرکردە سیاسیەکان بەدەستیان هێناوە، دوولایەنەیە مەسەلەکە، لەلایەکەوە ڕۆشنبیرە ئازاکان ڕازی نەبوونە بەوەی کە هەیە کە دەشبێ وابێ، چونکە سیاسەتمەداران بە هەمان ئەو ڕەهەندە جوانەی کە خەباتیان بۆکردووە پەیڕەوی ئەو پرەنسیپانەیان نەکردووە، مەسەلەن شۆڕشی خومەینی(کۆماری ئیسلامی ئێران) بەڵێنێکی یەکجار زۆری بە میللەتی خۆی دا، بەڵام ئەوەی لێکەوتەوە کە دیمان، بەهەمان شێوە، سەردەمی ستالین، ڕاپەڕینی خۆمان، بۆیە ئەم قسەیەی مەریوان ڕاستە تا ڕادەی خەفەت.

زنار: بابێینە سەر بارودۆخی ڕۆشنبیریو ئەدەبی، دوای ڕاپەڕینو ئێستاش فەزایەکی وا خولقا، کە ڕۆژانە چەندین دەقی ئەدەبیو وەرگێڕان دەکەوێتە بازاڕ، هاوکات نووسەرێکی یەکجار زۆر پەیدابووە، بەڵام شان بەشانی ئەوە ڕەخنەی کوردی زۆر لاوازەو لە مەیدانەکە غایبە، تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە.

د.فەرهاد: ڕاستە.. من ئەو دیاردەیەی کە نووسەرانێکی زۆرو ڕۆژنامەنووسانێکی زۆر دوای ڕاپەڕین پەیدا بوون، پێم دیاردیەکی باشو ساغڵەمو تەندروستیە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە نەوەیەکی نوێ دروست بووە، پێم باشە چونکە نیشانەی ئەوەیە کە نەوەیەکی نوێ بەشێوەیەکی باشو بڕشتر بە ژمارە زیاتر لەچاو جاران بە فراوانیو قوڵتر دەنووسێو بیردەکاتەوە، ژمارەی زۆری نووسەر نیشانەی زۆری بیرکەرەوەکانە. لەبارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت لەسەر غیابی ڕەخنەی کوردی، ئەمە پرسیارێکی زۆر بەجێو بە

# ئەو وەختەی من لەسەر دیفاعكردن لە تەڵبەو شەرەفی زانكۆ خەریك بووم ئەدی بۆ رێبوار سیوەیلییەك نەهات دیفاعم لێبكا

پەلوپۆیە، ئەوە بەتێگەیشتنی من هۆکارەکەی ئەوە نییە وەکو زۆرجار ئیشارەی پێ دەدرێ گوایە ئەدەبیاتێکی باش نییە، یان داهێنان نییە، بەرای من ئەو گریمانەیە هەڵەیە، چونکە من واتێدەگەم ئەمرۆ راستە ئەدەبیاتێکی زۆر جار خراپو نامۆت هەیە، بەڵام لەهەمان کات ئەدەبیاتێکی رەسەن ئەمرۆ لە کوردستان هەیە، کەواتە ئەم تەفسیرە ئیلغا دەکاتەوە، بەڵام من واتێدەگەم رەخنەی ئەدەبی پێویستی بە کامڵبوونێکی مەوزوعیو لەهەمان کات ئەکادیمی هەیە لەهەمان کاتیشدا پێویستی بە شێوەیەك لەپسپۆری پەیداکردن هەیە، ئەم سێ خاڵە پێویستە بۆ ئەوەی رەخنەی ئەدەبی بگاتە نوقتەی خۆی، پێداویستیەکی دیکەی گرنگ، بریتییە لە میتۆدێکی فەلسەڤی یان بابلێین مەنهەجێکی قوڵی فەلسەڤی، ئەم چوار پێداویستیە لە نەوەی ئەمرۆ نەرسکاوە بۆ ئەوەی چەند رەخنەگرێك لە کوردستان دروست ببێ، ئەکادیمیمان هەیە، بەڵام بەدبەختیرین ماڵوێرانکەرترین دیراسەکان ئەوانەن کە ئەکادیمیەکان دەیان نووسن بە تێگەیشتنی من . پسپۆری درووست نەبووە هەموو شتەکان ناکامڵن، ئەکادیمیەتی تێدایە بەڵام فەلسەفە، پسپۆریەکیشمان گەر هەبێ بەڵام ئەم پسپۆریە ئاوی لە عومقی فەلسەفەیەك نەخواردۆتەوە، یان لایەنی ئەکادیمی زەعیفە، ئەمانە هەمووی بەیەکەوە تا ئێستا لە کۆمەڵی ئێمە درووست نەبووە.

**زنار:** هەندێک دەقی داهێنەرانەو جوان دەرکەوتوون، هەندێک کەس وەک شا رۆمانو شتی ئاوا ناویان دەبەن، بۆ نموونە بەختیار عەلی تۆ تاچەند خوێنەری ئەو جۆرە دەقانەی.

**د. فەرهاد:** من بەزۆر رۆمان نووسی برادەرەکانی خۆم گوتووە بە ئاشکرایی، من لەو خوێنەرانەم کە بەهیچ شێوەیەك حەزناکەم رۆمانی کوردی بخوێنمەوە، بەڵام ئەوە رێی لێنەگرتووم کە رۆمانی فلان نووسەر جاربەجار دەست بدەمێو بخوێنمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نامەوێ رۆمانی کوردی بخوێنمەوە...

**زنار:** داهێنانی تێدا نابینی یا................

**د.فەرهاد:** نا بەپێچەوانەوە من خۆم بە قوتابی شێرزاد حەسەن دەزانم، پێشتر باسمکرد کە پێش ئەوەی شێرزاد بناسم چیرۆکم نووسیبوو بڵاویشم کردەوە، شێرزاد یەکەمین کەسە کەلەسەر چیرۆکی منی نووسیوە، بەڵام من نامەوێ دوای بیست ساڵ، بیستو پێنج ساڵ بێم دووبارە ئەو بنێشتە بجومەوە کە شێرزاد فێری کردووم یان بەختیارعەلی داویەتە خوێنەرەکانی خۆی، من ئەوکاتە دەتوام تەعبیر لە دنیای خۆم بکەم کە دوور بژیم لە شێوازو جیهانی بەختیار عەلی، ئەوکاتە دەتوانم فەرهاد پیربال بم، کە بە دەیانو سەدان کیلۆمەتر دووربکەومەوە لە حوسێن عارف، لە محمد موکری، بۆیە بەتێگەیشتنی من رۆماننووسو شاعیرانی کوردیش نابێ یەکتری بخوێننەوە، دەبێت تا پێیان دەکرێ دووربن، چونکە ئەمانە هاوژیانو هاو تەجروبەی یەکترین، مەسەلەن محمد موکریو حوسێن عارف بەیەکەوە پێشمەرگە بوونە، پێکەوە ئاوارەبوون لە ئێرانو لەبەغداش ژیاون، پێکەوە لە هەولێر عەرەقیان خواردۆتەوە، ئەمانە چۆن دەکرێ شتێکی وامان پێبڵێن کە ئەویان لەوەی دی نەچێو لەیەکتری جیاوازبێ، مەسەلەن من لەگەڵ بەختیار عەلی بەیەکەوە لە خۆپیشاندانەکانی هەولێر بەشدار بووم، بەیەکەوە لەفەترەی گەنجێتی دەیان شەو بەیەکەوە بووینە، پێکەوە لەگەڵ شێرزاد حەسەن ژیاوینو عەرەقمان خواردۆتەوە، ئەم لەگەڵ یەکتری ژیانو لەناویەکتر هەڵترشانە، پاش هەموو ئەو بەزمەش بێینو یەکتری بخوێنینەوە ئەمە زۆر ترسناکە، زۆرترسناکە بەختیار عەلی بێ رۆمانێکی من بخوێنێتەوە، من بێم رۆمانێکی ئەو یان شێرزادو محمد موکری بخوێنمەوە، ئێمە هەتا پێمان دەکرێ، لەیەکتری دووربین، ئەگەر بەختیار عەلی ئەمرۆ سەری خۆی هەڵگرتووەو چۆتە ئەڵمانیا، بەرای من رۆمانووسێکی دیکەی گەنج پێویستە سەری خۆی هەڵبگرێو بچێتە هندستان، یەکێکی دیکەمان بچێتە چین، ئەوی دیکەمان بچێت ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا، ئەوەی دیکەمان بچێتە ئەمریکاو بژیت بزانێ چ باسە، ئێمە بۆ ئەوە نەخولقاوین یەکتری بخوێنینەوە، دەبێت بچین ئەزمونی خەڵکی دیکە بخوێنینەوەو بناسین، ئەسالیبی جۆری دیکە ئەفریقی، یابانی، مەنغۆلی ئەوانە کەشف کەین، داواشم لە ئێوەی گەنجو رۆژنامەنووسە ئەوندە پەیوەندیەکانی بەختیار لەگەڵ فلانو سلێمانیو شێرزاد درووست نەکەنەوە، پرسیاری ئەوە درووست بکەن، کە بەختیار هەیەتی بە ئەڵمان یان بە نیچە یان دیستۆفسکی ئەلبێر کامۆ، کە شێرزاد هەیەتی بە دی ئێچ لۆرانس، من باش دڵنیام کە پەیوەندیەکی زۆر هەیە لەنێوان شێرزادو دی ئێچ لۆرانس، تاکو ئێستا کەس پرسیاری ئەوەی نەکردووە کە شێرازاد پەیوەندی تۆ چیە بە دی ئێچ لۆرانسەوە، دێی پرسیارم لێ دەکەی پەیوەندیت چییە بە شێرزاد حەسەن، با وازبێنین لەوانەو ئاسۆکانی بینینمان فراوانتر بکەین، نەك بەوەی کە من پەیوەندیم چییە بە رۆمانەکانی بەختیار عەلی، رۆمانێکەو فرێیداوەتە بازارو نووسەرێکی گەنجەو رۆماننووسێکە هەمووومان دەزانین بەتوانایەو ٦٠٠لاپەرەی رۆمانێکی نووسیوە برایەوە دەستی خۆش بێ، بۆ دەبێ رای من گرنگ بێ لەسەر بەختیار عەلی، من پێت دەڵێم بەختیار گەنجێکی موتەمەکینی داهێنەرە.مەترسیەکی گەورەیە داوا لە رۆشنبیران بکەی کە تەبابن، دەبێت ناوەندی رۆشنبیر دڵخۆش بێ کە فاروق بەشێوەیەك بیر دەکاتەوەو بەختیارو رێبین بەشێوەیەکی دی، دەبێ زۆر دڵت خۆشبێ، کە کۆنە بەعسی تا ئێستە ماون بە پێی سیستەمی کۆنی بەعس بیردەکەنەوە، دەبێ دڵمان بەوانە خۆش بێ کە شەری نەوەکان هەیە لەبەینی یەکتر، بۆچی دەبێت ئاشتەوایی ئیش لەسەر ئەوەی بکەی حکومەتو گەنج ئاشت بکەیتەوە، من ئەو رەئیانە دەبینم، کاکە حکومەتو گەنج ئاشت نابێتەوە هەتا هەتایە موستەحیلە، گەنج لەگەڵ پیر ئاشت بێتەوە موستەحیلە، زۆر غەڵەتە ئەوە، وتاری وا دەبینم هەر تایتڵەکانی ئەوەیە چۆن گەنج ئاشتکەینەوە لەگەڵ حکومەت، چۆن رۆشنبیر ئاشتکەینەوە لەگەڵ دەسەڵات، تۆ دەبێ هەتا بۆت دەکرێ گرێو گۆڵو کەندوکۆسپەکانی نێوان ئەو دو دژانە قوڵتر بکەیەوە، ئەوکاتە حەقیقەتەکان رۆشنتر بەدیار دەکەونو پێشکەوتنیش زووتر دێتە ئارا، رۆشنبیر دەبێ فیتنەبازبێ، فێڵبازبێ، دەبێ ناکۆکیەکان قوڵتر بکاتەوە لەنێوان نەوەی پیرو گەنجدا، لەنێوان تەڵبەو مامۆستا، باوكو كور، حکومەتو ئۆپۆزسیۆن، تەنانەت زۆرجاران لەنێوان ژنو پیاویش، ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە تۆ لەهەموو حاڵەتەکاندا دەورێکی نێگەتیڤ دەگێری، بەڵام قوڵکردنەوەی ئەو جیاوازیانە فراوانتر کردنی، هەمیشە لەسەر بنچینەیەکی شارستانی دیموکراسیو ئاستی حیوار، نەك بچی چەکیان بدەیە دەست، نا من لەگەڵ ئەوە نیم، وەك چۆن شاعیرانی گەورەی کورد ئەو دەورەیان دەگێرا لەبەینی ئەو حزبو ئەم حزبی دیکە، نا من لەگەڵ ئەوەنیم، بەڵام من دەڵێم بەشێوەیەکی دیموکرات کە ئەو جەنگە لەسەر کاغەز بێ لە ئاستی دیالۆگو وشە بێ، بەوەنا کەتۆ

شەر بنێیتەوە بە سەنگەر لەیەکگرتنی ماددی.

زنار: لە ناو دیوانی| بۆ ڕۆدانی کوڕم| دەڵێ بۆ فەرهاد پیر باڵ کە بەقەدیەک ئیبلیس فێڵبازە، لەچیدا تۆ فێڵبازی؟

د.فەرهاد : ئەم ڕستەیە کامڵ نییە چونکە ڕستەیەکی دیکەشی بەدوادادێ، تۆ یەك ڕستەت لەشیعرێك وەرگرتووە بەڵام من یەك شیعرم نووسیوە، ناتوانم تەنیا مەسئولیەتی ئەو ڕستەیە هەڵگرم چونکە لەدوای ئەودا لە عەینەن شیعردا ڕستەی دیکەم نووسیوە.

زنار: ئەم ئەڵقەیەی پەنجەت کە دەیبینم واتای چییە لای تۆ، باوەڕت بە هەڵگرتنی ئەڵقە هەیە؟

د.فەرهاد: ئەمە ئیحترامێکە بۆ تەرزەی خێزانم، ئەمە مانای ئەوەیە کە ژنم هێناوە، ئەگەر کچ دیتیانم حەزم لێنەکەن، چوومەتە پاریس و ئێران و بەرلین، بچمە هیندستانیش هەر لەدەستم دەبێ، کەسێکی دیکەش لەدەستی نەکات ژن یان پیاو ئازادن.

زنار: ئەو هەموو عیشقەی گەنجان بۆت بۆچی دەگەڕێنیتەوە

د. فەرهاد: سەبەبەکە بەتەواوی نازانم، بەڵام هەست دەکەم یەعنی نا مەعقولیەك هەیە لەمندا لای گەنج دەبێتە شتێکی مەعقول، نا مەنتقیەك هەیە لەمندا ئەوانەی منیان خۆش دەوێ پێیان وایە مەنتقە، ناواقعیەك هەیە لەمندا ئەوان پێیانوایە واقعە، سەبەبەکەش ئەوەیە کە، ئەوخەڵکە ئەوەندە نامەنتقی لە حەیاتی خۆی دیتووە، ئەوەندە سوریالزمی دیوە، ئەوندە فەسادی دیوە لەژیان و دەوروبەری خۆی دڵی بەوەخۆش دەبێت لەوانەیە کە مەنتق و مەعقولیەك لەمندا دەدۆزێتەوە، دەوروبەری ئێمە دەوروبەرێکی نامەنتق و نامەعقول و سوریالیە، گەیاندنی ئەو سوریالیەت و نامەعقولیە شیکردنەوەی باش دەزانم لەناو ئەدەبیاتی مندا هەیە.

من یەکێك لەو نوقتانەی کاری لەسەر دەکەم، مەسەلەن لە شیعری بۆ ژدانۆڤدا زۆر زەق دەبیندرێ، یەکێك لەوشتانەی کە کاری لەسەر دەکەم، ئەو نامەقولیەت و نا سوریالیەتەی کە لە واقعی ئێمەدا هەیە، کارکردن لەسەر ئەوەو شیتەڵکردنەوەی کارێکی جوانەو تیشکی جوان دەبەخشێ لەلای خەڵك، من کارلەسەر ئەوە دەکەم، ئیتر لێرەوە زۆر کەس وادەزانێ من پیاوێکی نامەعقول و سوریالی و نامەنتقیم، بەڵام نەخێر وانییە من ئەو نامەنتقیە شەرح دەکەم و لێکی دەدەمەوە و دەیهێنمە سەرزمان و قەڵەمی خۆم، ئیتر ئەو خەڵکەش حەقی ئەوەی هەیە پێی خۆش بێ، چونکە من تەمسیلی نا مەعقولی و نا مەنتقیەتی کۆمەڵگاکەی خۆم دەکەم، تەمسیلی سوریالیەتی خۆم دەکەم، ئێ تۆ بتوانی ئەو قیناع و دەمامکەی هەتە لەسەر دەمی خۆت هەڵیدیەوە خەڵکی کەیفی دێت و پێدەکەنێ، من ئەو دەمامکەی لەسەر مرۆڤی کورد کە لەناو واقعی خۆماندا هەیە، ئەو دەمامکەم هەڵداوەتەوە لەسەر ڕووی خۆم، من هیچم نەکردووە تەنها دەمامکی سەر ڕووی خۆم هەڵداوەتەوە، چونکە کەس نییە دەمامکی خۆی هەڵداتەوە، تەنانەت من لەدیوانی (ڕەشاییەکانی ناو سپی و سپاییەکانی ناو ڕەش)لەبەرگی کتێبەکەمدا چەند ڕەسمێکی عەنتیکەی خۆم نەشرکردووە، دەمم خوار کردووە، چاوم زەق کردووەو خۆمم ترساندووەو زەندەقی خۆم بردووە، ئەمەم بەو نیازە کردووە کە مرۆڤ دەبێ لەحاڵەتی پێکەنینی خۆی چۆنە ئاوها دیاربێ لەحاڵەتێك دەگری و لە ژنەکەی خۆی تووڕەدەبێ ئاوها دیاربێ، لەحاڵەتێك قەشمەری بە منداڵەکەی خۆی دەکا یان حکومەت دەکا، یان دەترسێ ئاوا خۆی پێشان بدا، هونەر دەمامك لادانە لەسەر ڕووی خۆت، بۆیە منیش ئەو ڕەسمانەم لەسەر بەرگی کتێبەکەی خۆم داناوە، بەڵام نووسەر هەیە دێ چ دەکا، بەرەسمێکی دەمامکدراوی خۆی قەرەویتێك دەبەستێ و دەچێتە ستۆدیۆو دێت ئەو ڕەسمە لەسەر بەرگی کتێبەکەی خۆی دەداو لە ژێری دەنووسێ نووسەر لەچەند دێڕێکدا، ئێ عادەت و ئوسوڵ ئەوایە، تا ئێستا خەڵکی کتێب ئاوا چاپ دەکا، من نەهاتووم کتێب ئەوا چاپ بکەم، من هاتم خۆم کردە مەیمون و پڵنگ و سەگ، ڕەسمی خۆمم بەم شێوە جۆراوجۆرانە گرت، فەرهاد پیرباڵ یان هەر نووسەرێکی دی دەبێ ئەو دەمامکە لەسەر ڕووی خۆی لابدات خەڵك ئەوەی حەزلێیە، چونکە دەمامك لەسەر خۆت لادەبەی، من عەینەن کات سوریالیم بەڵام ریالیستیشم، نامەنتقیم بەڵام مەنتقیشم، نامەعقولم بەڵام مەعقولیشم و واقعیشم لە عەینەن کاتدا.

زنار: لە لە شیعری بۆ ڕۆدانی کوڕمدا بەردەوام ئاگاداری ڕۆدان دەکەی وریای ئەو پاسەوانانە بێ چونکە دەیانەوێ زیندانی بکەن، تۆ تاچەند توانیوتە خۆت لە پاسەوانەکان بپارێزی.

د.فەرهاد: من هەوڵدەدەم ملکەچی پاسدارەکان نەبم، یان پاسەوانەکان، بەڵام نەشمتوانیوە، بەهەرحاڵ من یاخیبوونێکی نموونەیی نیم لەناو کورد نا ئەسڵەن بۆیەش ئەو شیعرەم بۆ ڕۆدان نووسی کە بۆ نەوەی نوێم نوسیووە کە تەنها بۆ ڕۆدان نییە، بە ئومێدی ئەوەی کە نەوەی داهاتوو بتوانن لە ئێمەو مانانێکی یاخی ئەگەر، بتوان یاخیترین، بتوانن زۆر زۆر زیاتر ڕووبەڕووی پاسدارو پاسەوانەکان ببنەوە، چونکە من واهەست دەکەم کە نەوەی ئێمە نەمانتوانی ئەو یاخیبووە سەرکەوتووەبین کە بتوانین بەتەواوتی لەدەست پاسەوانەکان ڕزگاربین، پاسەوان ئەمڕۆ یان سبەینێ هەمیشە لەهەموو شوێنێك دەبن بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر، بۆیە من واتێدەگەم من بۆخۆم نەمتوانیوە بەتەواوی لەدەست پاسەوانەکان ڕزگاربم نا



## بەهیچ شێوەیەك حەزناکەم ڕۆمانی کوردی بخوێنمەوە،

نەمتوانیووە.

زنار ئێمە زۆر سوپاسی ئەو دەرفەتەت دەکەین کە بۆ زنارت ڕەخساند.

د.فەرهاد: من زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم، بەراستی من گۆڤارەکەتانم درەنگ ناسی، واهەست دەکەم سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بودجە کەمەی کە هەتانە توانیوتانە لەسەر پێی خۆتان ڕابوەستن، ئەو پشتگیریە زۆرەی دەکرێ بۆدەیان گۆڤاری بێ ئاست، بەڵام ئەوەی ئێوە بەم شێوە خاکەڕاو بێتواناییە لەڕووی ماددیەوە، چونکە ستافێکی گەنج تێیدا ئیش دەکا، منیش بەرامبەر ئەوە ئاگاتان لێیە یەك پولم لێوەرنەگرتن و تەنانەت دەعوەتی منیش بوون ئەم ئێوارەیە.. زۆر سوپاستان دەکەم.